# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ٢١ سێ شەممە ١ / ٧ / ١٣٨٢ Sep , 23 th , 2003


# ساڵی تازەی خوێندن و ئەرکەکانی قوتابیانی پێشڕەو و شۆڕشگێر



یەکەمی مانگی ڕەزبەر ، ساڵی تازەی خوێندن دەس پێ دەکات و بۆ جارێکی‌تر ملیونەها کەس لە منداڵانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەچنە قوتابخانەکان بە هیوای فێر بوون و پەروەردە بوون و بۆ بەدەس هێنانی زانست دا . هەر چەند لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ساڵە کە کوسپ و گیرو گرفتی زۆر خراوەتە بەر ڕێگای گەیشتن بە زانست و فێر بوونی دەسکەوتەکانی ئەودا و قوتابیان و خوێندکارانی زانکوەکانی وڵاتی ئێمە لە هەمان یەکەم هەنگاوەکاندا تووشی کوسپ و گرفتی زۆری پێك هاتوو لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی سەدەکانی ناوەڕاست بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەبن . دواکەوتوویی مەزهەبی دەسەڵاتدار ، سێبەری نگریسی خۆیدا بە سەر هەموو قوتابخانەکان ڕاکیشاوە و تێ دەکۆشێ بۆ پاراستنی سیستەمی ستەم کارانەی خۆی نەزانی و خورافە بە هەر شێوەێك کە بووە لە ڕێگای پووچەڵ کردنی دەسکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و شاردنەوەی ڕاستیەکان ، مێشك و بیری هێزی لاو و داهاتوو سازی کۆمەڵگای ئێمە ، بشواتەوە . بە لێکولینەوەی بیروڕا و داسەپاندنی خەفەخان و ترس و تۆقاندن و سەدان پیلانی

←

# پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەمڕۆکە وەك شوێنەکانی‌تری ئێراندا لە کوردستانیش خەباتی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك دژی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم پەرەدەستێنێ . هەژاری و بێکاری و زیاتر بوونی ڕادەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە حەشیمەتی بێکار ،سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ناوچەکانی کوردستان ، کەش و هەوای ترس و تۆقاندن ، گرتن و ئەشکنجە و کوشتار ، هەموو و هەموو دیاریەکانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان . بەڵام وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەم هەموو مەینەتە ، خۆراگری و خەباتە کە تاکو ئێستا شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیمی نیشان داوە . ڕاستی ئەمەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەڵای بێ ئاکام و زەبونانەی خۆی نەیتوانیوە ئێرادە و ویستی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد تێك بشکێنێ . شار و گوند و دوڵ بە دوڵ و چیا بە چیای ئەم ناوچەیە شاهیدی خۆراگری و شەهامەتی گەلێك بووە کە ئیرادەی خۆی لە سەر ئاڵ و گۆڕی ئەساسی ئەم ڕێژیمە داناوە . هەر چەند مێژووی ئەم خەباتە پڕ لە شانازیە زۆر هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە ، بەڵام لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خۆی هەمیشە نموونەی

پاشماوە لە لاپەرەی ٢

# ڕوانگە و تاکتیکەکانی ئێمە لە هەل و مەرجی ئێستادا کە هێشتا جووڵانەوە بە تەواوی پەرەی نەستاندووە

١_ بلاّوکردنەوە و ڕاگەیاندنی پروگرام و ڕوونکردنەوەی بە بەڵگە ، سەبارەت بە جیاوازیەکانی لە گەڵ پروگرامەکانی‌تر، لە پەیوەندی لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵك بە تایبەت لایەنی سەلمێنەری حکوومەتی کرێکاری " کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران " ، ڕوونکردنەوەی پێویستی ئەو بە دەلیلێکی سادە و لە سەر ئەساسی ڕاستیەکانی مێژوویی و بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بۆ زانیاری کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵك سەبارەت بە ناوەڕۆك ، ئامانج و داخوازیەکانی چینی کرێکار .

٢_ پەرەپێدانی پەیوەندی کۆمۆنیزم لە گەڵ چینی کرێکار و پتەو کردنی لەم بزووتنەویە ،

پاشماوە لە لاپەرەی ٣




لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو و ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانە لاپەرەی ٦

ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی هەفتەم ) لاپەرەی ٧

ووشەی سیاسی لاپەرەی ١٠


کار ، خانوو ، ئازادی = کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

دژی ئینسانی وەك پەرەپێدانی بێ بەند و باری و موخدیرات و . . . لە شوێنەکانی پەروەردە و فێر بوون ڕێگای بوژانەوەی توانایی و لێهاتوویی و گەشە کردنی توانای داهێنەرانە ڕێگر دەبێ و تێ دەکۆشێ بۆ بەرەو پێش بردنەوەی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی خۆی لە هێزی مەزنی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکان کەڵك وەر بگرێ . لە کاتی شەری ناعادلانە و دواکەوتووانەی دەوڵەتانی عێراق و ئێران ئەمە قوتابخانەکان و زانکۆکان بوون کە بوونە یەکێك لە ناوەندەکانی گرینگ بۆ دابین کردنی هێزی شەرکەر بۆ کۆماری ئیسلامی و بەردەوام بوون لە سەر شەری دواکەوتووانەی دەسەلاتداران و هەر قوتابیان بوون کە بوونە گۆشتی دەمی تۆپی ڕێژیم . هەوڵ و تەقەلای سەرکردەکانی جنایەتکاری ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی هەر چی زۆرتری هێزی لاوی کۆمەڵگا بەرەو لای ئۆرگانەکانی سەرکوتگەر، هەروا درێژەی هەیە . ئێستا بۆ سەرکردەکانی ڕێژیم ، بە دوای پەرەساندنی خەباتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ پاش پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ ەوە تاکو ئێستا و بە تایبەتی ڕاپەڕینی خوێندکارانی زانکۆ لە پووشپەڕی ئەم ساڵدا ، دوو بەرەکی خستنەوە لە ناو ریزەکانی قوتابیان و خوێندکاران و کردنی هندێکیان بە گورزی دەستی خۆیان بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی هاو چارەنووسانی خۆیان لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێربوون لە هەر شتێکی‌تر گرینگترە و بە تەواوی جێگای پەروەردە و فێربوونی گرتووتەوە .

قوتابیان و خوێندکارانی خەباتگێر ، ئێوە و ملیونەها کەسی‌تر لە لاوانی ئێمە لە حالێکدا دەچنە ناوەندەکانی فێربوون کە ملیونەها کەسی‌تر لە هاوچارەنووسانی ئێوە بە هۆی کەم بوونی ڕادەی ناوەندەکانی فێربوون ، بێ خانوویی ، هەژاری و هەزینەی قورسی خوێندن ناتوانن بخوێنن و لەم مافە بێ بەشن . هەل و مەرجی زۆر سەخت و دژواری ژیان ، بارودۆخی زۆر ناڵەباری زۆرینەی کۆمەڵگا و نەبوونی هەر جۆرە ئیمکانیاتی سەرەتایی ژیان ، بەشێکی گرینگ لە هێزی لاوی کۆمەڵگای ئێمەی لە پەروەردە و فێربوونی سەرەتائیش بێ بەش کردووە . زۆر لاو و تازە لاوی وڵاتی ئێمە لە بەر دابین کردنی لانی کەمی هەزینەی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان مەجبوورن کاری سەخت و تاقەت پرۆکێن بکەن و ئارەزوی خوێندن و قەڵەم و دەفتەر و قوتابخانە بە تەحموول کردنی ڕەنج و کار و چەوساندنەوە لە گەڵ خۆیان بە گۆر ببەن . ئەرکی قوتابیان و خوێندکارانی پێشرەو و شۆرشگێری زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنە کە جووڵانەوەی نارەزایی قوتابیان و خوێندکاران زانکۆکان پەیوەند بدەنە بزووتنەوەی چینی کریکار و کۆمەلانی زەحمەتکێش بە مەبەستی ڕووخاندنی تەواوەتی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ بکەن بە پشتیوانی بە هێزی خەباتی کۆمەلانی خەڵك . لە هەر ناوەندێکی خوێندن و پەروەردە و فێربوون بە ڕێکخستنی پێکهات و دامەزراوە سەربەخۆکان وەك کومیتەکانی قوتابخانە و زانکۆ ، خەباتەکانی شوێنەکانی کار و چالاکی خۆیان ڕێك بخەن و لە هێلێکی دیاریکراو بەرەو پێشی بەرن . ڕۆڵی پیشڕەوی خۆیان بە کار بهێنن تاکو بە شکاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن بە سەر قوتابخانەکان و زانکۆکان زەمینەی گەشە کردن و بەرز بوونەوەی ئاستی تێگەیشتن لە قوتابخانەکان و زانکۆکان خۆشتر بکەن و ئەرکی ڕێکخستنی هەر چی بەربلاوتری خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندەکانی پەروەردە و فیربوون هەر چی بە هێزتر بە ئەنجام بگەیێنن .



## پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی کۆمەلانی خەڵك . . .

بەرزترین شێوازی خەباتی خەڵکی بووە وەك سەنگەری سووری ئازادی و خۆراگری ماوەتەوە . گرینگترین هۆکارێك کە دەتوانێ ئەمرۆکە هەوڵەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا لە گەڵ شکست ڕووبەڕوو بکات ، سەرەرای خەباتی چەکدارانە وەك نەریتێکی شورشگێرانەی خەڵکی کوردستان ، پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە سەر ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری ئێستای کوردستان تاکو ئێستا توانایی و زەرفیەتی زۆری لە بواری ڕێکخستن لە خۆیەوە نیشان داوە . ئەگەر چی ئەم جم و جووڵانە بە شێوەیکی گشتی‌دا خۆ بە خۆیی و بەربلاون ، بەڵام بەربلاوی ئەوان خۆی نیشانەدری ریشە داربوونی ئەم جم و جووڵانە و هێزی کردەوەی گشتی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەم خاڵە بە هێزەی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان بۆ بەرزکردنەوە و پەرەگرتنی ئەو هەنگاو هەڵگرین . ئەمرۆکە لە کوردستان هەر کردەوەی دواکەوتووانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان ، سەرەرای کەش و هەوای سەرکوت و خەفەخان لە گەڵ دژایەتی خەڵك ڕووبەڕوو دەبێ و تەنانەت لە بەر کوژرانی کۆڵ کێشێکی زەحمەتکێشی ناوچە سنووریەکان خەڵك خۆپیشاندانی نارەزایی دژی ڕێژیم ساز دەکەن . ئەم جم و جووڵە نارەزائیەی

پاشماوە لە لاپەرەی ٥



**ڕوانگە و تاکتیکەکانی ئێمە لە . . .**

ڕێکخستن و بە گۆڕەپان هێنانی چینی کرێکار و پەرەپێدانی شێوەکانی خەباتی ئەو بۆ گۆڕینی کۆمۆنیزم بە هێزێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی فیدائیانی کۆمۆنیست بە پێوانەی ڕێکخستنی کرێکارانی کۆمۆنیست و خەباتگێڕان و ڕێبەرانی پراتیکی بزووتنەوەی کرێکاری .

٣_ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی بەردەوام و یارمەتی بۆ ڕێکخستنی کرێکاران لە پێکهاتە خەڵکیەکان، وەک شووراکان، یەکێتیەکان و تەعاونیەکان و کۆمیتەکانی کارخانە ، بنکەکانی خوێندنەوە ، وەرزشی ، کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریەکان وشێوەکانیتری ڕێکخستنی کریکاری لە شوێنەکانی کار و ژیان . بە تایبەت هاندانی کرێکارانی پێشڕەو بۆ دامەزراندنی کۆمیتەکانی نهێنی کارخانە لە هەل و مەرجی ئێستادا بە شێوەێك کە توانای پاراستن ، بەردەوامی کار و دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ پیشەکانی جۆربە جۆر و دابین کەری یەکگرتووی خەباتەکەیان بێت .

٤_ بوونی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی بە دیسیپلین و خاوەن بەرمانەیکی دیاریکراو ، و بە ڕوانگەێکی سیاسی و تاکتیکەکانی سەرچاوە گرتوو لەو ڕوانگەیە ، زەمانەتی ئەو دەکات کە سەرەرای بەشداری لە سەرەتائیترین شێوەکانی خەباتی کرێکاری و خەڵکی و پشتیوانی لە هەر چەشنە ڕێفۆرمێك هەر چەند کەم کە ببێتە هۆی باش بوونی ژیانی کرێکاران و کومەڵانی خەڵك ،لە بە دوادا چوونیان دووری بکرێت وخەبات بۆ گەێشتن بە داخۆازیەکانی کەم لە خزمەتی ئیستراتیژی شۆرش دا بێت و هەروەها وەك مەشقێك بۆ ئامادە بوونی شۆرشگێرانە بێت .

٥_ هەر بۆیە دەبێ لە هەموو شێوەکانی ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنی چینی کرێکار کە دەبێ دەرگاکانی لە ڕووی هەموو کرێکاران بە بێ لە بەرچاوگرتنی بیر و باوەری سیاسیان بکرێتەوە و هەروەها لە خەباتەکانی ئابووری ئەوان بە هەر ڕادەێك کە بێت ( خەباتە یاسایەکان و نایاسایەکان ) بەشداری بکرێ .

٦_ بۆ پەرەپێدانی نفوزی کردەوەی ڕێکخراو و بەشداری چالاکانە لەم ڕێکخراوانە لە هەل و مەرجی ئێستادا لە ڕێگای ڕێکخستنی شانەکانی سوور و لە گەڵ لەقەکانی ئاشکرا و نهێنی و دانی ڕێژەێکی سەربەخۆیی بۆ ئەوەی کە کەمترین زەربە لیان بدرێت . لە هەمان کاتدا دەبێ لە شێوازەکانی جۆربەجۆری بزووتنەوەی خەڵکی و کرێکاری کە لە سەر ئەساسی هەل و مەرجی نوێ لە لایەن کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێش بە کار دێت، کەڵکێکی زۆر بۆ هاوسەنگی چالاکیەکان ، پەیوەندیەکان و تێکەڵ کردنی کاری ئاشکرا و نهێن ی، وەرگرین .

٧_ شانە سوورەکان بە بەشداری کردن لە خەتی پێشەوەی خەباتی ئابووری لە پێکهاتەکانی کرێکاری ، کرێکارانی پێشرەو کە بە هۆی شانەکانی نهێنی خەتیان پێ ئەدرێت و لە باری سیاسی گەشە دەکەن بە ریزەکانی خۆیان و لە ئاکام دا بە ریزەکانی ڕێکخراو ، ڕادەکێشن . ئەوان بە ڕێکخستنی چالاکی هاوبەش تێ دەکۆشن تاکو خەباتی کرێکاران ڕێنوێنی بکەن ، بەلاّم ئەم تێکۆشانە تەنیا بە بلاّوکردنەوە و ڕاگەیاندن ، وەگرتنی ئەندام ، بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کۆبوونەوە گشتیەکان ، یەکێتیەکان، تەعاونیەکان ، شووراکان و هیتد بەربەست ناکرێت ، بەڵکو هەروەها پەرەسەندنی نفوزی کۆمۆنیزم لە ژیانی خەباتگێڕانە و یارمەتی بە کرێکاران بۆ سەرکەوتن لە خەباتی ڕۆژانە و بە دەست هێنانی ئەزموونەکانی پراتیك ، بەرپەرچ دانەوەی چالاکی خراپکارانە و دووبەرەکی خستنەوەی حیزبەکانیتری سیاسی و سەرجەم پەیوەندیی هەیە بە کردەوەکانی ڕێبەری کۆمۆنیستی لە سەر ئەم خەباتانە لە ئاستی سەرانسەری دا .

٨_ زۆرکردنی توانای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی لە بەر دەست هەر چەند لەم پەیوەندیەدا مەجبوور بە پێك هێنانی ئیمکاناتی هاوبەش لە گەڵ ڕەوتەکانی سیاسیتر و کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی پێشکەوتوو بین .

٩_ هەڵسەنگاندنی دروست لە دژایەتی و تێکەڵچوونەکانی ناوخۆیی ڕێژیم و ئەحزابی بوورژوایی ، نیشان کردنی لایەنی وەشاندنی زەبری ئەسڵی و هەڵبژاردنی تاکتیکی دروست لە بەرەو ڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم دژایەتیانە .

١٠_ لاوازکردنی سیاسی ئەحزابی بورژوایی ، خەبات دژی بۆچوونەکانی ئۆپۆرتۆنیستی ، شۆڤینیستی، ناسیونالیستی و ناسیونالیزمی حاکیمی ئێران کە لەم سەردەمەدا بە شێوەێکی خەتەرناك لە ناو لاوان پەرەی گرتووە و ئێستا لەم تاکتیکەدا هەموو ئۆپۆزیسیونی یاسایی و نایاسایی و ئەحزابی بورژوایی و وردە بورژوایی مەزهەبی و لا ئێك ، کەڵك وەر دەگرن .

١١_ سەرنجی قووڵ و هەمە لایەنە بە داخوازیەکان ، ویستەکان و داواکاریەکانی نووسەران ، هۆنەرمەندان و توێژەکانیتری ڕووناکبیر ، لاوان ، ژنان و هاندانی ئەوان بۆ پێك هێنانی ڕێکخراو و دیفاع لە جووڵانەوەی کرێکاری و سوسیالیزم و داخوازیەکانی رادیکاڵی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵك .

١٢_ بە هێزکردنی یەکبوون و هاوئاهەنگی بزووتنەوەکانی زەحمەتکێشان لە ناوچەکان و بزاڤی کرێکاری و خوێندکاری و لە ناو بردنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و فەرهەنگی ، لە دژی حکومەت و لاواز کردنی ئەحزابی بورژوایی ناسیونالیست و ئائینی دواکەوتوو لەم بزاڤانەدا ، بە قازانجی ڕوانگەی سوسیالیزم و دیموکراسی شۆرشگێرانەیە .

١٣_ تەبلیغاتی بەردەوام لە ناو هێزەکانی چەکداری ئەرتش ، ڕێکخراوەکانی بەسیج ، سوپا ، بە مەبەستی دووبەرەکی خستنەوە لە نێوانیان دا، و ڕاکێشانی توێژەکانی خوارەوەی سەربازان وکادێرەکانی شۆرشگێر و هیتد.. بەرەو لای بەرەی شۆرش .

١٤_ لە سەر ئەساسی هۆکارەکانی جۆربەجۆر ، وەك بوونی ستەمی میللی و فەرهەنگی لە ڕادە بە دەر ، نالەباری و یەکسان نەبوونی پێشکەوتنی ئابووری لە ولاّت و.. ڕاپەرینەکانی ناوچەیی بووەتە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران و نەریتی خەباتی چەکدارانە لەم ناوچانە بووەتە نەریتێکی باو و جێکەوتوو و کاریگەر لە لایەن کۆمەلانی خەڵك ، ئەم شێوازە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك ، ڕێکخراوەکانی کرێکاری کۆمۆنیستی لە گەڵ ئەرکەکانی تایبەتی ڕوو بە ڕوو دەکات . هەوڵدان بۆ دامەزراندنی هێزی چەکدار بە تایبەت لە کوردستان بە پێ ئیمکانات بە مەبەستی هاوئاهەنگی لە گەڵ شێوەکانی خەباتی خەڵك ، پشتیوانی لە ڕاپەرینی شارەکان و دامەزراندنی کاناڵی پەیوەندی

گرتن بە مەبەستی راکێشانی کادێرانی شۆڕشگێر و هێزەکانێك لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کە خۆزیاری پێویست بوون بە ئەون .

١٥_ هاندانی کرێکاران بۆ مانگرتن ، بە تایبەت مانگرتنەکانی تێکەڵ بە خۆپیشاندان کە کاریگەرترین چەکە لە هەل و مەرجی ئێستادا . لە هەمان کاتدا ئامرازێکی باشە بۆ تێ گەیشتنی خەڵك لە ئامانجەکانی مانگرتن و ئاسان کەرەوەی پەیوەندی گرتنی بنکەکانی کرێکاری لە گەڵ کرێکارانی مان گرتووە .

١٦_ سەرەرای کرێکارانی پیشەکان و کۆمپانیا گەورەکان ، ملیونەها کەس لە سەدان هەزار کارگەی بچووك لە ئێراندا خەریکی کارکردنن ، زەختی لە رادە بە دەری چەوساندنەوە لە هەل ومەرجی نەبوونی کەمترین ئیمکانات و بە تایبەت لا بردنی کرێکارانی ئەم کارگانە لە بریارەکانی یاسای کار ، زەمینەی بە هێز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی گشتی لەم بەشەی کرێکاران دا زۆرتر کردووەتەوە ، سەرەرای ئەوە بە هۆی پەیوەندی کرێکارانی ئەم کارگانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی شار ، دانیشتووانی قەراخی شار و خەڵکی لادێیەکان ، خەبات و تەبلیغاتی ئەوان رەوڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی سەرانسەری دەبینێ .

١٧_ رێکخستنی رێکخراوەکانی هاو خەت ، وەك کۆمیتەکان ، شوورای نوێنەرانی کرێکاران ، شووراکان و یان کومیتەکانی یەکگرتووی کرێکارانی فەرش چنین ، کورەخانەکان ، پیشەکانی فلیزی ، بێکاران و هیتد. و دیاری کردنی دروشمەکانی گۆنجاو و پەرەپێدانی راگەیاندن و بلاوکردنەوە و رێکخستنی خەباتی کرێکارانی کارگەکانی بچووك ، بێکاران و دانیشتووانی قەراخی شارەکان .

١٨_ شێوەی خۆ پیشاندان و دەست پێ کردنی راپەرینەکانی ناوچەیی کە ئێستا بووەتە یەکێك لە شێوەکانی جووڵانەوەی خەڵکی ، باشترین ئامرازی فێر کردنی کۆمەڵانی خەڵك و بلاوبوونی پروگرام و تاکتیك و دروشمەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ داخوازیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشە ، کە بە شێوەیێکی کۆنکرێت و هەمە لایەنە و بەردەوام باسی لێ دەکرێت ، هەر بۆیە :

١٩_ رێکخستنی خۆ پیشاندانی خەڵکی و ئامانج دار کردنی لە گەڵ ئەو دروشمانەی کە داخوازیەکانی کۆمەلانی خەڵکی بە شێوەیێکی روون رابگەیێنێ .

٢٠_ دەبێ لە پێك هێنانی هەل و مەرجی دەسکرد بۆ دەس پێ کردنی خۆ پیشاندان خۆ بپارێزین و لە رێگای چالاکی بەردەوام و راگەیاندن ، دڵنیا بین کە رای توێژەکانی جۆربەجۆری خەڵك لە گەڵ خۆ پیشاندانە و لە ئامانجی ئەو تێ دەگەن و کات لە گەڵ وەرەی گشتی ئەوان ، دەگونجێ .

٢١_ رێکخستنی شانەکانی چالاك لە رێبەرانی پراتیکی خەباتی خەڵك ، بۆ رێنوینی خۆ پیشاندان و بلاوکردنی دروشمەکان .

٢٢_ رێکخستنی ئەو کارانەی کە بە هۆی ئەوان دا کۆمەلانی خۆ پیشاندەر بتوانن لە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکان راوستن ، پەرەپێدانی ئەو شێوانەی کە خەڵك خۆیان بە ئەزموونەوە بە دەس هێناون و ئێستا کەڵکی لێ وەر دەگرن .

٢٣_ ململانی هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی لە بەرانبەر خۆ پیشاندانی خەڵك لە هەمان کاتدا کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی لە نیوان ئەم هێزانە ، ترسی کۆمەلانی خەڵکیش بەرە بەرە لا دەبات و وەرەی ئەوان بۆ دەس پێ کردنی راپەرین ، بەرز دەکاتەوە . لەم پەیوەندیەدا :

٢٤_ کارێك بکرێت کە سەربازان ، هێزەکانی خوارەوەی بەسیج و سوپا کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە فریو دراون و یان بە هۆی کارەکەیان و هیتد.. چوونەتە لای ئەم هێزە سەرکوتگەرانە ، لە گەڵ ئامانجەکان و مەبەستەکانی خۆ پیشاندان ئاشنا بکرێنەوە و بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ خۆ پیشاندەران هان بدرێن.

٢٥_ هاندانی کرێکارانی پێشرەوی پیشە سەرەکیەکان بۆ پێك هێنانی رێکخراوێکی هاو ئاهەنگ ، هەر لە ئێستاوە ، بە مەبەستی پێك هێنانی بناغەی هێزی کرێکاری بۆ بەشدار بوونیان لە ئاڵ و گۆرەکانی سیاسی کۆمەلگا .

٢٦_ دابین کردنی بلاوکراوەکان و راگەیێنەرەکان بۆ پەروەردەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئاشنا کردنی ئەوان لە گەڵ پروگرام ، ئامانجەکان و داخوازیەکانی چینی کرێکار .

## بەرز و بەرێز بێت یادی هاوڕێ مەزن ، فیدایی شەهید سیامەك ئەسەدیان



لە رێکەوتی ١٣ی رەزبەری ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی ( ١٩٨١ی زائینی ) هاورێ سیامەك ئەسەدیان ئەندامی کومیتەی ناوەندی وەك یەکێك لە مەزنترین و ناسراوترین کەسایەتیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران پاش ساڵەها خەبات لە دژوارترین هەڵ و مەرجەکان بە ئیرادەیکی پتەو و پۆڵائین لە جەریانی شەرێکی قارەمانانە گیانی فیدا کرد و بە شەهید بوونی ئەو رێکخراوی ئێمە یەکێك لە بە ئیرادەترین رێبەرانی خۆی لە دەس دا . هاورێ ئەسکەندەر ، سیمای خۆشەویست و ئازیزی رێکخراوی ئێمە ، پاش جیابوونەوەی خیانەتکارانی ئەکسەریەتی ، یەکەمین بەرپرسی کومیتەی کوردستانی رێکخراو بوو و یاد و بیرەوەری ئەو بۆ ئێمە لە تێکۆشانی پڕ لە شەهامەتی ئەو بۆ نوژەن کردنی تەشکیلاتی کوردستان پاش خیانەت و پاشگەز بوونی ئەکسەریەتیەکان ، رێکخستنی ئۆپۆزاسیونەکانی قارەمانانە وەك دارساوێن دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و لە هەموو بوارەکانی چالاکی ئەمرۆی ئێمە دا زیندووە .

(( یادی بەرێز و رێگای پڕ لە رێبوار ))

## پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی . . .

کە ئەمڕۆکە بە شێوەیکی بەرچاو پەرەی گرتووە و زۆر جار لایەنی هێرشی بە خۆیەوە دەگرێ ، تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ گەلی کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ کە لایەن یان هێڵێکی دیاریکراو بۆ خۆی دیاری بکات و بۆ ئەم کارە ڕێکخستنی تایبەتی خۆی داوا دەکات ڕێبەری ئەم خەباتە دەبێ بە کردەوە بکرێت و هەر هێزێك ئیدیعای ڕێبەری ئەم بزووتنەوەی هەیە ، تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی و دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە شارەکان و لادێکان دەتوانێ ڕاستی و دروستی ئەم ئیدیعایە بسەلمێنێ . تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان ئەم خەباتە بەربڵاوانە و ڕاهێنانی ئەوان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد ، خەباتەکانی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵك دەتوانێ ببێتە هێزێکی بەرچاو لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . پێویستی ئەم کارە لە یەکەم قۆناخدا تێگەیشتنی گرینگی ئاوا ڕێکخستنێکە . چۆنکە هەل و مەرجی عەینی و بەرچاو بۆ ئاوا جم و جووڵێك وجودی هەیە . بەڵام تاکو ئێستا ئاوا کە دەبوایە گرینگی نەدراوەتە ڕێکخستنی ڕوون و دیاریکراوی ئاوا جووڵانەوەیك . شاهیدی ئەم ئیدیعایە ئەویە کە ئێمە ئەمڕۆکە لە کوردستانی شۆڕشگێر هیچ جۆرە پێکهاتی سەربەخۆی خەڵکی نابینین کە لە سەرانسەری کوردستان بە شێوەیکی یەك پارچە و یەك دەست کار و چالاکی بکات . زۆربەی جووڵانەوەکانی خەڵکی لە شارکانیش بە بێ هیچ چەشنە پێکهاتێکی دیموکراتیك و تەنیا بە شێوەیکی خۆبەخۆیی ڕوو دەدات . ئەم شتە نەك تەنیا هێز و توانای گەلی کورد بە فێرو دەبات ، بەڵکو دەرفەتێکی باش بۆ ڕێژیم پێك دێنێ تاکو پاش هەر زەبرێك کە لێ دەکەوێ بە ڕێکخستنی سەر لە نوێ هێزی خۆی و توانای زۆرتر و ڕێکتر لە پێش دا هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵك دەس پێ بکات و بزووتنەوەی خەڵکی سەرکوت بکات . ئەمڕۆکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی دژی شۆڕشگێرانەی خۆی هەموو کارێك دەکات ، ئەمڕۆکە کۆمەڵانی گەلی کورد بە شێوەیکی بەربڵاوتر هێرش دەبەنە سەر ڕێژیم و پەرە دەدەنە خەباتی نارەزایی خۆیان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . ڕێکخستنی جووڵانەوەی خەڵکی زۆرتر لە هەر کاتێکیتر پێویستە . دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە کوردستان ، چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە لادێکان ئەرکی بێ دەرەنگ و ئێستای هێزەکانی شۆڕشگێرە . ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار ، ژنان و زەحمەتکێشانی لادێکان لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی ڕێژیم ، لە ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان ، بە لە بە بە چاوگرتنی هەل و مەرجەکانی تایبەتی بزووتنەوەی کوردستان و تێکەڵ کردنی ئەم خەباتانە لە گەڵ شێوازەکانی بەرزتری خەبات لە کوردستاندا ، تەنیا زامنی گۆڕینی ئەم خەباتە بەئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو و پیرۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد .






ئێمە وێڕای ئەوەی کە مافی جیابوونەوە بە ڕەسمی دەناسین لە هەمان کاتدا لایەنگری نزیکترین یەکگرتنی کرێکارانی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێرانین . بەڵام بە وردی بۆ ئەوەی کە ئەم یەکگرتنە ئازادانە و دڵخوازانە بێت پێویستە مافی نەتەوەکان بە شێوەیکی تەواو بە ڕەسمی بناسین . دوستی و یەکگرتنی ئێمە کرێکارانی نەتەوەکانی جۆربەجۆر لە خەباتی هاوبەش دژی سەرمایەداری وە دی دێت ، نەك لە حاشا کردنی مافەکانی دیموکراتیکی یەکتر . بۆیە ئەم پروگرامی ئێمە بە لە بەر چاوگرتنی گەشەی مێژوویی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێراندا ، دامەزرانی فیدراتیوی شووراییش جۆرێك لە سەربەخۆیی و هەروەها شێوەیك لە تێ پەرین بەرەو یەکگرتنی ئازادانە و تەواو ، پێشنیار دەکات . لە کۆماری فیدراتیوی شووڕایی هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە بێ قەید و شەرت بڕیار بدەن کە لە کاتی پێ خۆش بوون لە ئورگانەکانی فیدراڵی شووڕایی بەشداری بکەن و یان جیا ببنەوە .

## پاشماوەی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بە . . .

ئەرك و بەرپرسایەتی ، هەروا کە گۆتمان بە دوای خۆیدا ئاستی کار و چالاکی دادەبەزێنێ و بەربەستی دەکات و ڕێگری ڕێگای گەشەکردن و پەرەساندنی جووڵانەوە دەبێ . ڕوشنبیری وردە بورژوا هەروا کە ئەنگلس سەڵماندوویەتی ، (( ناتوانێ بە سەر ولاتێکی گەورە حوکم بکات ، هیچ کات ناتوانێ سنووری کار و چالاکی خۆی بە تەواوی بناسێ و بە سەری دا زاڵ بێت . وردە بورژوا سەرپەرەشتی و دەسەڵاتی کەسانیتر بە سەر خۆیدا قبووڵ دەکات تا لە بێ دەرەتانی خۆی دەرباز و ڕزگار بکات ! )) .

(( بەشی کۆتایی لە ژمارەی داهاتوو ))

چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار
داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

# لیستەی شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی ڕەزبەر

جەهانبەخش ئابیاری
هوشەنگ ئەژدەری موقەدەم
سەعید ئەحمەدی لاری
سیامەك ئەسەدیان
روحوڵلا ئەڵماسی
مەحموود بابایی
مەسعود بەریری
سەعید بەهرامی
بهرام بەهلوکی
فەرزاد بەهلوکی
ئیسماعیل بید شەهری
زەهرا بید شەهری
مریەم تەوەسولی
حەسەن جەلالی نائینی
حەسەن حامدی موقەدەم
عەلی حەسەن پوور
خەیروڵلا حەسەن وەند گەندایی
سەید رەبیع حوسێنی
سەید قوربان حوسێنی
کامران حەکیم عەلەوی
مەهدی خانزادە
خسرەو دانش ئێران موبارەکە
محەمەد جەعفەر دەلیلی
مستەفا رەسولی
فاتیمە روغەن چی
مەجید رەهبەری نەژاد
بەهرام زەمانی
غولام حوسێن زەینیوەند نەژاد
حەسەن سبعەت
زاهید سەجادی
ئەحمەد سولێمانی
ژیلا سیاس

عەبدوڵ حەمید شەبانی
فەریبا شەفیعی
غولام رەزا سەفەری
ئەمیر سەیادی
کامران عەلەوی
حەسەن عەلیزادە
پەروێز عەندەلیبیان
محەمەد رەزا فەرشاد
محەمەد فیروزی
رەمەزان قوربانی
قوربان قەریبی
محەمەد کەس نەزانی
ئەحمەد کیانی
عەباس گودەرزی
غولام حوسێن مەجیدی
عەلی محەمەد نەژاد
لوقمان مەداین
عزەتوڵلا موعەلم
بیژەن مەهنود
عەبدوڵلا یەزدانی
عەبدوڵ حوسێن بەراتی
محەمەد عەلی سالمی
حوسێن سەید نەوزادی
پەروێن فاتیمی
فەرشید فەرجاد
چەنگیز قوبادی
هوشەنگ تەرەگوڵ
بەهرام تاهیر زادە
همایون کەتیرایی
ناسر کەریمی
ناسر مەدەنی



(( فدایی شهید: سعید سلطانپور ))



## زیر شب

با صدایی پر از خار و زخم
با صدایی پر از جراحت های تجربه
نعره می‌کشم
آیا دریای خار و خون را می بینی؟

با حنجره‌ای خونین
نعره کشیدم
آیا صدای زخم را شنیدی ؟
مشت هایم را بر شب کوفتم
شب
سرسخت
ایستاد
زیر شب
چون ستوری زخمی
سم بر زمین کوفتم
و گریستم
ستاره
ویران بود
هیچکس ضجه های خونین را نشنید
با حنجره‌ای خونین
نعره کشیدم
هیچکس باران خون را ندید
زیر شب
و زیر ابر
ای عظیم ترین فریاد
بگذار تو را چنان برکشم
که به قلب ستارگان
پرتاب شوم
با صدایی پر از خار و زخم
در انقلاب خون
به دیدارم بیا



## ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن بە شێوەی کۆمۆنیستی ( بەشی هەفتەم )

٣- ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی و پێویستی خەبات بۆ پالاوتنی ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا ! لە باسی پێشوودا بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕێنوێنیەکانی لینین ، گۆتمان کە تایبەتمەندی دیموکراتیکی حیزبی سیاسی چینی کرێکار لەمەیە کە ئەندامانی حیزب ، خۆیان ئورگانەکانی ڕێبەرایەتی هەڵدەبژێرن ، کونترۆڵیان دەکەن ، لایەنی کار بۆیان دیاری دەکەن ، لە ژیانی حیزبی و لە باس سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانەی کە لە حیزب دەکرێ و هەروەها لە چارەسەری ئەوان بەشداری چالاکانەیان هەیە . گۆتمان کە ، ئەرکی هەرحیزبێکی کۆمۆنیست ڕێکخستنی خەباتی پرولیتاریا و ڕێبەری ئەم خەباتانەیە . حیزبی سیاسی چینی کرێکار ، ڕەنگدانەوەی ئیرادە و ویستی یەکگرتووی پرولیتاریا و تێ گەیشتووترین بەشی چینی کرێکارە .بۆیە ڕێکخستنی سیاسی پرولیتاریا لە سەرەتاوە و لە قۆناخی یەکەم لە کۆمەلێك کەسەکان پێك دێت کە نە تەنیا دەبێ شێوە و شێواز و پروگرامی ئەوە لە سەرەوەی چالاکی بەکردەوەی خۆیان دابنەن ، نە تەنیا دەبێ لێهاتوویی و توانای سیاسی ئایدولۆژیکی پێویست بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم هەڵبژاردنە تێگەیشتووانەیە و هێزی کردووە لە هەموو شێوە و شێوازێك و ناوەرۆکەکانی چالاکی ڕێکخراوی حێزبیان هەبێ ، بەڵکو گرێنگتر لە هەموو شت دەبێ خاوەن ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی پرولیتێریش وەك بەرزترین ئەخلاقی شۆڕشگێرانە و تایبەتمەندی کۆمۆنیستی بێن . بەرچاوترین تایبەتمەندی کۆمۆنیستی لە یەك قسەدا بریتیە لە : ڕەت کردنی کەس پەرەستی ، دامەزران و پتەوکردنی وەری هاوپشتی گشتی ، واتە یەکگرتنی تێگەیشتووانە لە ئورگانیزمێکی یەك دەست و بەڵێنی هەمیشەیی بەم یەکگرتنە . هەر هێزێکی کۆمۆنیست دەبێ سومبوڵی ئیرادەی پرولیتاریا ، نموونەی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە ، سومبوڵی ڕێك و پێکی و دیسیپلین ، شەهامەت و نەترسی ، خاوەن برپار و سوور بوون لە سەر بڕیار و سەرانسەر هەست و شوری شۆڕشگێرانە بێت . تێگەیشتن بە بێ ئیرادە و ئیرادە بە بێ هەست و شوری کۆمۆنیستی هیچ جۆرە بایەخێکی شۆڕشگێرانەی نییە ! بەلام تەنیا تێگەیشتن بە نیسبەت ئەم تایبەتمەندیە و زانینی ئەخلاقی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستی بەس نییە . تەنیا مەحکووم کردنی هەر جۆرە ئەندیویدوئالیزم و کەس پەرەستی ناپرولیتری بەس نییە . تا ئەو کاتەی هەل و مەرجەکانی پێویست و ئامرازەکانی بەکردەوە بۆ بە دەس هێنانی ئەم ئەخلاقانە و پێك هێنانی ئاوا تایبەتمەندیانەی ئامادە نەکرێت ، دوویات کردنەوەی بێ ڕۆحی ئەم ئوسولە هیچ کات لە سنووری دروشمەکانی پووچەڵ و ئامۆژگاریەکانی بە ڕواڵەت پیرۆزی ئامۆژگاری کەران تێ ناپەڕێ . بۆیە بۆ ئەوەی کە تاریف کردنی ئەخلاق و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی لە سنووری باسەکانی گشتی و قسەدا نەمێنێتەوە و نەبێتە ئامۆژگاریەکانی زانایانە ، دەبێ تێگەیشتنێکی روون بخەینە روو و هەل و مەرجەکانی حاکیم بە سەر پێك هێنانی ئاوا تایبەتمەندیانەی روون بکەینەوە . دەبێ لە هەر چەشنە زەینی بیر کردنەوە بە شێوەیکی زۆر جیددی خۆ بپارێزین . دەبێ دیدێکی روونمان هەبێ لە چۆنیەتی پێك هاتنی ئەم تایبەتمەندیانە . دەبێ هەل و مەرجەکان و ئەو هۆکارانەی کە لە ئاکامی ئەودا ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە تایبەتمەندی ناپرولیتری و بیر و بۆچوونەکانی وردە بورژوایی و بورژوایی پێك دەبێتەوە بە باشی بناسین . هەروا کە لە سەرەتاکانی ئەم باسانەدا ئاماژەمان پێ کرد ، تایبەتمەندیەکان و ئەخلاقیش وەك تێگەیشتن و شعوور ، بەرهەمی هەل و مەرجەکان و ناوخۆی حیزبە . بۆیە لە قۆناخی یەکەم دا ئەمە خۆدی حیزبی سیاسیە کە دەبێ وەك شوێنی ژیانی سیاسی کادێرەکان و ئەندامانی خۆی ، لە ڕەوتی بەشداری چالاکانە لە خەباتی شۆڕشگێرانە ، زەمینەکانی گەشە کردن و بەرز بوونەوەی کادێرەکانی خۆی و پالاوتنی حیزب ئامادە بکات . ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا بۆ بنیات نانی کۆمەڵگای نوێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ، بە شێوەیکی حەتمی دەبێ ڕیزەکانی خۆی پێش لە هەموو شت لە خراپەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ڕابردوو و ڕزیو ، پێك بکاتەوە . لە ڕێگای ئەم پالاوتنە بەردەوامەیە کە حیزبی چینی کرێکار دەبێتە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن ، ئیرادە و ویستی پرولیتاریا . پالاوتنی ناوخۆیی حیزبێك لە تایبەتمەندی و ئەخلاقیاتی توێژەکانی مام ناوەندی و دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتری وەك ئەندیویدوئالیزمی بورژوایی و کاردانەوەکانی رووخێنەری ئەو بە سەر ژیانی حیزبی بە هەمان رادەیە گرێنگە و لە باری سیاسی لە پلەی یەکەم دایە کە پالاوتن و یەك دەستی سیاسی - ئایدولۆژیکی ناوخۆیی ئەو . و دروست بە هەمان رادەیشە لە پتەو بوونی ناوخۆیی تەشکیلاتی ڕێکخراو گرێنگە . پەیوەندی جیا نەکراو لە نێوان شێوە و شێواز ، ڕێکخستن و تەشکیلات و پێك هێنان و سەقامگیر کردنی تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی وەك سێ بەشی جیانەکراوی ئەسڵی یەکگرتنی تەواوەتی حیزبیش لەم جێگایە مانا پەیدا دەکات . ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا بە پێك هینان و دامەزراندنی یاساکانی ژیانی حیزبی کادێرەکانی کۆمۆنیست پەروەردە دەکات ، ئەوان بە یاساکانی ژیانی حیزبی وەفادار دەکات و فێریان دەکات کە چۆن بە سەر گیر و گرفتەکان زاڵ بن و کەم و کۆریەکانی کار و چالاکی لە سەر ڕێگای خۆیان لا ببەن . بەلام حیزبی پرولیتاریا کۆمەڵێ بە زۆری هێزەکانی پێك هێنەری خۆی نییە و ناتوانێ ئاوا بێت . هەر کەس بەشێك و هەر حیزب تەواوەتیەکی یەك دەستە کە ئامانجەکانی یەك دەستی چینایەتی پرولیتاریا لە خۆیدا کۆ کردووتەوە . تەواو زانینی ڕۆڵی حیزب و سەرنج نەدان بە بەرپرسایەتی ئەندامان لە تەواو نەکردنی کار و چالاکیەکان و ڕاست کردنی هەڵەکانی خۆیان ، هەروا نازانستیە کە لە بیر کردنەوەی ڕۆڵی دیاریکەری حیزب لە پەروەردە و فێر کردنی هێزەکانی خۆی ! هەروا کە گۆتمان ڕێکخراوی سیاسی پرولیتاریا نیشاندەری بیر و بۆچوونی کرێکارانی تاك و جیاواز نییە ، بەڵکو نیشاندەری بیر و بۆچوونی چینێکە کە لە ڕێگای پروگرامێکی هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە ریزەکانی ڕێکخراوی سیاسی خۆیان کۆ بوونەتەوە . حیزبی چینی کرێکار ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی گشتی و هەموو لایەنەی پرولیتاریای شۆڕشگێر و نیشاندەری تایبەتمەندیەکانی

تاوتەواوی پرولیتاریائیە . ئەمە بە مەرجێکە کە حیزبی پرولیتاریا زۆربەی هێزی خۆی لە نێوان خۆدی چینەکە و لە نێوان تێگەیشتووترین کرێکاران هەلبژێردرا بێت . تەنیا بەم شێوەیە دایە کە ئەم ئورگانیزمە ئالۆز و بەرزە ، نەك تەنیا دەتوانێ یاساکانی ژیانی حیزبی دامەرزێنێ ، بەلکو هەموو تایبەتمەندیەکانی پرولیتاریای شۆرشگێر دەتوانێ نیشان بدات و هێزی خۆی لە هاوئاهەنگی لە گەلّ ئەم تەواوەتیە یەك دەستە رێك بخات . تەنیا لەم حاڵە دایە کە حیزبی چینی کرێکار تایبەتمەندی چینێکی پەرەئەستێنەر بە خۆیەوە دەگرێ کە لە رەوتی پالاوتنی خۆیدا هەموو جۆرە بۆچوون و مەیلێکی جگە لە خۆی فرێ دەدات و خۆی لەوان پاك دەکاتەوە . ئەمە تەنیا پرولیتاریایە کە لە گۆرەپانی چالاکی بەرهەم هێنەرانەی خۆیدا هەر جۆرە پەیوەندی بە خاوەن ملّکایەتی تایبەتی لە دەس دەدات ، کەس پەرەستی فرێ دەدات و حسابی خۆی لە هەر جۆرە مەیل و بۆچوونێکی سەر بە خاوەن ملّکایەتی و هەستی پیرۆز بوونی ئەو کە سەرچاوەی کەس پەرەستی ، ئەخلاقیاتی شەخسی و خاوەن ملّکایەتیە ، جیا دەکاتەوە . ئەخلاقی گشتی کۆمۆنیستی و یەکگرتنی خەباتگێرانە لە خۆی دروست دەکات و بە هێزی دەکات . بەلاّم تا ئەو کاتەی کە رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار بە گشتی لە هێزەکانی روشنبیری سەر بە توێژەکانی مام ناوەندی کۆمەلگا پێك هاتە بێت ، نە تەنیا حیزبی سیاسی چینی کرێکار نییە ، بەلکو هیچ کات ناتوانێ ئاوا ئوسولّ ، هەل و مەرج و یاساکانی دامەزرێنێ کە بتوانێ وەك تەواوەتیەکی یەك دەست لە گەلّ هەر جۆرە مەیل و بۆچوونێکی ناپرولیتێری تەنانەت خەبات بکات و لە خەتەری مەیل و بۆچوونەکانی جۆربەجۆری بەلارێ چووانەی ناپرولیتێری خۆی دەرباز و رزگار بکات !

ئێستا دەبێ ببینین شتەکانی ناتەواو و ناپاك و تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتێری لە ناوخۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی چۆن و لە چ رێگایێك کار دەکەن و رێگای خەباتی بەردەوام لە گەلّ ئەوان چیە ؟

کاتێك لە رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار قسە دەکەین ، ئەگەر چی بروامان بە ئەوەیە کە لە تەواوەتی خۆیدا لە سەر ئەساسی تایبەتمەندی و ئەخلاقی کۆمۆنیستی دامەزراوە ، بەلاّم ئەم شتە هیچ کات بەو مانایە نییە کە لە گەلّ تەشکیلاتێکی بە تەواوی پاك لە تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتێری و بە دوور لە هەر جۆرە کەم و کوری رووبەرووین . ئەمە تێگەیشتنێکی مەتافیزیکی و پچراو و جیاوازە ، چۆنکە حیزبیش لە رەوتی گەشە کردنی خۆیدا رێگای پەرەساندنی تێپەر دەکات و لە رەوتی خەباتی بێ وچانی ناوخۆیی بەردەوام خۆی دەپالێتەوە و تایبەتمەندیەکانی کۆمۆنیستی لە هێزەکانی خۆی بە هێز دەکات . تایبەتمەندیەکانی ناپرولیتێری بە دوور دەخات و خۆی پتەوتر دەکات . چۆنکە هەروا کە لینین ئاماژەی پێ دەکات ، تا ئەو کاتەی کە بەرهەم هێنانەکان خۆیان لە کۆمەلگا وجودیان هەیە ، بۆچوون و مەیلەکانی پەیوەندی دار بەم شێوە بەرهەم هێنانە بە شێوەیێکی روو لە زیاد بوون حیزبی چینی کرێکار لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەو دەخاتە بەر مەترسی و خەتەر .

بەرچاوترین نموونەی مەیل و بۆچوونەکانی بەلارێ چووانەی ناپرولیتێری ئەندیویدوئالیزم و مەیلەکانی پەیوەندی دار بە قازانجەکانی بەرچاوتەنگی تاکەکەسی و بیر و بۆچوونەکانی وردە بورژوائیە کە نە تەنیا لە لایەن هێزەکانی روشنبیری وردە بورژوا ، بەلکو هندێك جار لە لایەن خۆدی کرێکارانیش دزە دەکاتە ناو ریزەکانی حیزبی چینی کرێکار . ئەم جۆرە مەیل و بۆچوونانە ، پەرە بە کەس پەرەستی دەدات ، ورە و ئەخلاقی تاقمی و کۆری بەرز دەکاتەوە ، دیسیپلینی حیزبی تێك دەدات و هێز و لێهاتوویی و کارئامەیی خەباتگێرانەی ئەو بە شێوەیێکی ئەساسی و لە ریشەوە لاواز دەکات . ئەندیویدوئالیزم یان ورەی تاکەکەسی گەرایی ، خەتەرناکترین مەیل و بۆچوونی دژی حیزبیە و ئەگەر لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی مەجالّی درێژەدان بە ژیانی بۆی پێك بێت ، پەیوەندیەکانی هاورێیانە لاواز دەکات ، متمانەی کۆمۆنیستی لە ناو دەبات و تەشکیلات لە ناوخۆوە دادەرزێنێ .

تاکەکەس گەرایی ، میراتی بیر و بۆچوونەکانی بورژوایی و وردە بورژوایی پاشماوە لە کۆمەلگای چینایەتی لە تەشکیلاتی پرولیتریە کە بە دژی ئەخلاقی کۆمۆنیستی کار دەکات . تاکە کەس گەرایی ئاکامی پیرۆز زانینی خاوەن ملّکایەتی ، پابەن بوون بە ستەم کاری چینایەتی و بەرهەمی بیر و بۆچوونەکانی دواکەوتووانەی وردە بورژوایی و رەنگدانەوەی ئیدەئالیزمی تەواوە . تاکەکەس گەرایی لە پەیوەندی جیا نەکراو لە گەلّ شێوەی کار و چالاکی و شێوەی ژیانی وردە بوژوائیە کە نموونەی ئەو لە کار و چالاکی تاکەکەسی یان گروپەکانی زۆر بچووکی بەرهەم هێنان دەتوانین ببینین . تاکەکەس گەرایی لە شێوازەکانی جۆربەجۆر لە سادەترین تا ئالۆزترین بابەتەکانی حیزبی ، خۆی نیشان دەدات . مرۆڤی تاکەکەس گەرا سەرەرای هەموو هەولێك کە بۆ شاردنەوەی خۆی بە کار دێنێ ، بەلاّم هەرگیز ناتوانێ خۆی بشارێتەوە ، چۆنکە هەموو شتێکی ئەو لە گرەوی خۆنواندنی خۆیە ! تاکەکەس گەرایی بە پێچەوانەی تایبەتمەندی کۆمۆنیستی کە قازانجەکانی پرولیتاریا و حیزبی ئەو بە لایەوە گرینگتر و بەرزتر لە هەموو کارێکیترە ، پرولیتاریا و حیزبی ئەو لە خزمەتی خۆی دەیەوێ . روشنبیری وردە بورژوا بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکان بە تێگەیشتنێکی جیاواز و پچراو بە نیسبەت رۆلّی مرۆڤ لە شوێنی کار و ژیان و هەل و مەرجەکان ، خۆی بە سەنتەری هەموو گۆرانکاری و وەك قارەمان و رزگاریدەری کۆمەلگای مرۆڤایەتی دەزانێ و لە خۆ تاریف کردن و گەورە کردنی خۆ و کاری خۆی ، سنوورێك ناناسێ . روشنبیری ئەندیویدوئالیست لە هەر کار و ئەرکێك کە پێ ئەسپێردرێ ، تووشی دژایەتی زۆر ئاشکرا دەبێ . ئەو لە لایێکەوە بە هۆی بیری تەسك و بۆچوونی پارێزگارانە لە سنوور و بەربلاّوی کاری خۆی کەم دەکاتەوە و لە لایێکی دیکەوە لە زنجیری مەیل و بۆچوونەکانی لە خۆ تاریف کارانە دەس دەداتە خۆنواندن و گەورە کردنی خۆی و کاری بەربەست و بچووکی خۆی زۆر گرینگتر لەوەی کە هەیە و زۆر بە دەنگتر لەوەی کە ئەنجامی داوە ، نیشان دەدات . پەیوەندی گەورەتر کردنی کارەکان و دیدی تەسکی روشنبیری وردە بورژوا ، لەو جێگایەدا خۆی نیشان دەدات کە ئەو شتەی لە حاڵەتی بەربەست دەبینێ و لەو شتەی کە بەکردەوە بەربەرستی دەکات دەگاتە تێگەیشتنی دوور لە راستی و لە زالّ بوون بە سەر راستی‌دا دیمەنێکی خەیالّی بە دەس

دەدات ، تاکو لە دونیای خەیاڵدا بە سەریدا زاڵ بێت . بۆیە هەموو شت و هەموو کەس جگە لە خۆی لە بیری نەخۆشی ئەودا ، بچووك ، بێ بایەخ و ناگرێنگن . و هەر ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە خۆیەوە بێت بەرچاو ، گەورە و گرێنگ دەزانێ هەستەکانی بەربەست و حیساباتی خۆ پەرەستانە ، ئەم ڕۆحە سەرکێشە ئۆتۆپیائیە ئەو وادار دەکات تاکو دژی هەر جۆرە دیسیپلینێك وەك دیسیپلینی حیزبی ڕاوەستی و لە خەباتی شۆڕشگێرانە تەنیا لە خۆ بوردوویی شەخسی، و فیداکاری قارەمانانەی تاکەکەسی تێ بگات . ئەو لە زەوی و زەمان بۆ خزمەتەکانی پڕ بایەخ و گیان فیداکردنەکانی لە خۆ بوردوانەی کە بۆ پرولیتاریا و حیزب ئەنجامی داوە ، داواکار دەبێ . بەڵام ئەم وەرە بە ڕواڵەت یاخیانە ، لەو جێگایە کە بابەتی خۆراگری و پایەداری لە ڕەوتی خەباتێکی سەخت و دژوار و درێژخایەن پێویست بکرێ ، تووشی لاوازی و بێ کردەوەیی و سستی دەبێ . ڕوشنبیری وردە بورژوا پێ خۆشە گاڵتە بە هەر شتێك و هەرکەسێك بکات . چاو بە سەر هەر ڕاستیەك داگرێ تاکو خۆی بە باشتر لە هەموو شت و هەموو کەس نیشان بدات . ئەم قارەمانە فیداکارە هەموو هیوایەتی ئەمەیە تاکو بە لە خۆ بوردونەکانی بێ شەهامەت و بە ڕواڵەت قارەمانانەی بێ شەهامەت ، دەس بداتە کارەکانی تازە و قارەمانانە ، تاکو سەری کەسانیتر سور بمێنێ و ئافەرینی لێ بکەن و لە دونیای خەیاڵدا بە مەشغولیاتی زەمینی خۆیدا ، خۆی ئارام بکات . هەڵگرانی ئەم مەیل و بۆچوونە بە هەر کارێك نە لە ڕوانگەی قازانجەکانی بزووتنەوە و ئامانجەکانی پرولیتاریایی شۆڕش ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی لە ڕوانگەی قازانجەکانی خۆیان دەڕوانن . پێویستیەکانی عەینی و زەینی هەر کردەوەیێك بۆ ئەم کەسانە ، پێویستیەکان و حیساباتی شەخسی خۆیان دیاری دەکات . گرێنگ نیە کە قازانجەکان و ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی تەشکیلات چ کار و کردەوەیێك و بە چ ڕادەیێك لە بەردەوام بوون و تێکۆشان پێویست دەکات . هەر کارێك لە ناوەڕۆك دا تەنیا لە بەر ئەوەی گرێنگە کە ببێتە هۆی خۆنواندنی ئەو کەسە . پێویستیەکانی بە کردەوەی تەشکیلاتیش تەنیا وەك ئامرازێکن کە بە هێز بوونی بە ڕواڵەتی ئەو ئاراستە بکەن . بەووتەیێکیتر لەم ڕوانگەیە تەواوەتی تەشکیلات لە خزمەتی کەسانە نەك کەسان لە خزمەتی تەواوەتی سیستەمی ڕێك و پێکی تەشکیلاتی !

هەروا کە گوتمان ئەندیویدوئالیزم لە کاری تەشکیلاتی سەرجەم بە شێوەی کاری گەورەتر لەوەی کە لە ڕاستیدا ئەنجام دراوە ، خۆ پەرەستی و ناڕێك و پێکی سەر هەڵدەدات . لە هەواڵی جووڵانەوەیکی نارەزایی خەڵك بگرە تاکو هەواڵی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێك کە لە لایەن هێزی ڕوشنبیری وردە بورژوا ئامادە دەکرێ ،بە کورتیدا لە هەر جێگایێك کە گۆڕەپانی چالاکی ئەو بێت ، هەمیشە درۆ و گەورەترکردنی کارەکان وەك عادەتێکی هەمیشەیی خۆی نیشان دەدات و لە هەر جێگایێك کاری ڕێك و پێك ، ڕێك خراو و بە بەرنامە بەرەو پێش بچێ ، لە گەڵ ئەودا دژایەتی دەکات . ڕوشنبیری وردە بورژوا بە شێوەیکی لە ڕادە بەدەر لە ڕێك و پێك ڕێکخراوی پرولیتاریایی ڕا دەکات ! ئەو بە شێوەیکی بەرچاودا خوازیاری ئازادیەکانی بێ قەید و مەرجی سیاسی ، لایەنگری سەرسەختی ئاشتی چینایەتی و عاشق و شەیدای بێ بەند و باری و بەرەڵایی تەشکیلاتیە ! ڕوشنبیری وردە بورژوا بە پلە و پایەی تەشکیلاتی و ئەرکی حیزبی نە وەك بەرپرسایەتی و ئەرك ، بەڵکو بە شێوەیکی ئەساسی لە ڕوانگەی پلە و پایە دەڕوانێ . ئەو لە هەر جۆرە ئەرك و بەرپرسایەتێك تەنیا لە ووشەکەی تێ دەگات نەك گرێنگی کار و ناوەڕۆکی بەرپرسایەتی خۆی ! ئەم تێگەیشتنە بە ڕواڵەتە و درۆیە بە نیسبەت بەرپرسایەتی ، کاریگەری بەکردەوەی خۆی بە شێوەیکی دوور لە ڕاستی تەواو دەکات و ئەرکیش حاڵەتی بە ڕواڵەت و نەمایشی بە خۆوە دەگرێ . کەسێك کە لە گرێنگی ئەرك ، تەنیا لە ووشەکەی تێ بگات ، دەبێ لە کردەوەدا بە زور و ئیجبار ئاستی کاری خۆی تاکو سنووری ووشە دابەزێنێ و کاری بە ڕواڵەت بکات بە شێوە و شێوازی هەمیشەیی کار و چالاکی خۆی . لێرەدا چیتر ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەرك لە بیر دەچێت و بوروکراسی دەبێتە هەموو هیوایەتی ئەو ! نموونەی بەرچاوی ئەم مەیل و بۆچوونە لە ئاستەکانیتر ، سەرەرای بوروکراسی ، دەتوانین لە مەیل و بۆچوونەکانی یەکگرتنی وردە بورژوایی ، حەز بە دیپلوماسی و پەنا بردن بە سات و سەوداکانی لە سەرەوە و یان دامەزراندنی دەستە و تاقم ، سکتاریزم و کۆڕ و تاقم دروست کردن ببینین . لە ئاستێکی نزمتر و بەربەست تردا ، ڕوشنبیری وردە بورژوا لەو جێگایە کە لە گرێنگی کار و چالاکی خۆیدا تێگەیشتنێکی نادروستی هەیە ، بە جێگای کار و چالاکی بەرپرسانە ، خۆراگری شۆڕشگێرانە و دامەزراندنی پەیوەندیەکانی هاوڕیانە ، تورە دەبێ ، تاقەتی خۆی لە دەس دەدات ، ئەرکی سەرەکی و بەکردەوەی خۆی لە بیر دەکات ، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی کار و چالاکی خۆی فەراموش دەکات و بە شێوەیکی زۆر سەیر خەریکی وردەکاری و کاری بە سەمەر دەبێ . ئەم مەیل و بۆچوونە بە دەگمەن لەوانەیە کاری خۆی بە جیددی بزانێ و لە سەری دا بەردەوام بێت . چونکە بۆ هەر کارێك لە ڕوانگەی زۆر گرێنگتر و کەم گرێنگتر دەڕوانێ . هەر ئەرکێك تا ئەو کاتەی کە پێ نەسپێردراوە ، گەورە و زۆر گرێنگ و پاشان بچووك و ناگرێنگ دەزانێ و زۆر تێ دەکۆشێ تاکو ئەو کارانەی بۆ خۆی بە دەس بێنێ کە بە ڕواڵەت گرێنگترن ، تاکو سستی و لاوازی ڕاستەقینەی خۆی بە ناوی بە دوور لە لە ڕاستی کارێك کە بە ئەستوو گرتووە ، قەرەبوو بکات . ئەم مەیل و بۆچوونە هەمیشە دژی خۆی لە خۆیدا پەروەردە دەکات !

بە شوێن پلە و مەقام ڕۆیشتن دەبێتە هۆی سستی و لاوازی و ئاکامەکەی ئەمەیە کە لە هەر جۆرە هەڵەیێك زۆر بە سەختی دەترسێ و دەست و دڵی لە کاتی کار دەلەرزێ و لە ترسی ئەوەی کە لێ نەهاتوویی ئەو دەربکەوێ ، چارەیێکی بۆ نامێنێ تاکو لە کۆتاییدا ببێتە هێزێکی لە ناوەڕۆك دا لاواز و سست ، بێ ئیرادە و مەرایی کەر کە لە بەرانبەر مەسئوولەکانی خۆیدا دەپارێتەوە و بۆ ژێر دەستەکانی خۆیدا ، خەریکی بچووك کردنەوە و هەڕەشە و قسەی زور و شانتاژە . بە باڵای مەسئوولەکانی خۆی دێت و لیان دەپارێتەوە و پێ خۆشە کەسانی ژێر دەستی ئەویش لێ بپارنەوە و تاریفی زۆری لێ بکەن !

بەڵام کاردانەوەکانی ئەم مەیل و بۆچوونە تەنیا ئەمانە نین.تێگەیشتنی دوور لەراستی بە نیسبەت

پاشماوە لە لاپەرەی ٥

# ووشەی سیاسی

## پرولیتاریا ( Proletariat )

بە چینی کرێکاری حەق دەستی واتە ئەو کەسانەی کە خاوەن ئامرازی بەرهەم هێنان نین و مەجبوورن هێزی کاری خۆیان بە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان یانی سەرمایەداران بفرۆشن ، پرولیتاریای پیشەیی یان پرولیتاریای تەواو دەڵێن . بۆیە مانای تایبەتی و دەقیق ئەم ووشەیە پەیوەندی هەیە بە کۆمەڵگای سەرمایەداری ، ئەگەر چی لە هەندێك زاراوەدا ، پرولیتاریا بە مانای گشتی چینی کرێکار بە کار دێت . بە شێوەیکی ئوسوڵی ئەم واژەیە لە کۆمەڵگای کۆنی ئیمپراتوری روم بە هەژاران و رەنجدەران دەگۆترا . پرولیتاریا کە لە گەڵ توێژەکانیتری زەحمەتکێشان بەرهەم هێنەری هەموو نەعمەتەکانی مادیە لە رەوتی بەرهەم هێنان جگە لە بایەخی هێزی کاری خۆی ، زێدە باریش بەرهەم دێنێ کە لە لایەن خاوەن کار وەك سوود و قازانج دەستی بە سەر دادەگیردرێت . پرولیتاریا بە ئیرادەترین و پێ داگیرترین چینی شۆڕشگێر لە کۆمەڵگای سەرمایەداریە ، چونکە پرولیتاریا پەیوەندیی هەیە لە گەڵ پێشکەوتووترین و گەشە ئەستێنەرترین شێوەی بەرهەم هێنان واتە پیشەکانی ماشینی و بەرهەم هێنانی گەورەی پیشەیی و بەردەوام گەشە دەکات و پەرە دەستێنێ . تایبەتمەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری خۆی بە خۆی هەل و مەرجی باش و گونجاو بۆ یەکگرتن و رێکخستن و فێر کردنی پرولیتاریا فەراهەم دەکات . ئیمکاناتی ئەو بۆ رێکخستنی کردەوەی تێ گەیشتووانەی خەڵکی لە هەر چینێکی‌تر زۆرتر و تێ گەیشتنی چینایەتی ئەو لە سەرەوەترە . خەباتی پرولیتاریا دژی بورژوازی یاسای پەرەسانندنی کۆمەڵگای سەرمایەداریە . پرولیتاریا لە خەبات بۆ رزگاری خۆی دەتوانێ و دەبێ هەموو کۆمەڵانی زەحمەتکێش و لە سەرەوەی هەموویان دا جووتیاران بەرەو لای خۆی ڕاکیشێ و خەبات و پەیکار دژی سەرمایەداری رێبەری بکات . و بۆیە پرولیتاریا _ چینی کرێکار _ دەتوانێ ئەرکی مێژوویی لە ناو بردنی بورژوازی و دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێی سوسیالیستی بە ئەنجام بگەیێنێ .

لە ڕوانگەی مێژووئیەوە چینی پرولیترەکانی پیشەیی هاوکات لە گەڵ پەیدا بوونی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری واتە لە قۆناغی رووخانی دەرەبەگایەتی ( فیئودالیزم ) پەیدا دەبێ . ماڵ وێرانی و هەڵشکانی جووتیاران کە زەویەکانی خۆیان لە دەس ئەدا یەکەمین سەرچاوەی پێك هاتنی پرولیترەکان بوو . پرولیتاریا یەکێك لە دوو چینی ئەساسی فورماسیونی کۆمەڵایەتی _ ئابووری سەرمایەداریە ، و چینێکی‌تری ئەساسی ئەم پێك هاتە بورژوازیە . چەوساندنەوەی پرولیتاریا لە لایەن بورژوازی دەبێتە هۆی دژایەتی ئاشتی هەڵنەگر لە نێوان قازانجەکانی چینایەتی ئەوان و خەباتی چینایەتی لە نێوانیان دا . لە رەوتی ئەم خەباتیەدا بەرە بەرە پرولیتاریا لە قازانجەکانی چینایەتی خۆی تێ دەگات ، تێ گەیشتنی کۆمەڵایەتی ئەو بەرز دەبێتەوە ، بەرە بەرە لە شێوەکانی خەبات و ئاستی بەرزتری رێکخستن کەڵك وەر دەگرێ و لە کۆتایی‌دا ئەم خەباتە دژی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری و بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم تووندتر دەبێ . پرولیتاریا رێکخراوەکانی چینایەتی سینفی و سیاسی خۆی دادەمەزرێنێ کە بەرزترین جۆری ئەو ئەحزابی کۆمۆنیست و کرێکارین ، ئەحزابێك کە پەروەردەکانی مارکسیزم _ لینینیزم راهێنەری خۆیان داناوە و ئەویش خۆ بە خۆ پەرە پێدانی ئەزموونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نێونەتەوەیی پرولیتاریایە و بەردەوام پەرە دەستێنێ . فێر کردنی مارکسیزم _ لینینیزم چەکی برندەی و تێ گەیشتووانەی پەیکاری بەردەوامی پرولیتاریایە . پاش سەرکەوتنی شۆرشی سوسیالیستی ئوکتوبەر لە رووسیا و لە ناو چوونی چەوسانەوە ئاڵ و گۆڕی زۆر بە سەر چینی کرێکار وەك چینێکی نوێ کە دەسەڵاتی سەرمایەداران و سیستەمی سەرمایەداریی رووخاندە بوو و خاوەن مڵکایەتی سوسیالیستی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی دامەزراندە بوو و چارەنووسی خۆی ، خۆی دیاری دەکرد ، هات . و ئێستا چینی کرێکار نەك تەنیا لەم وڵاتەدا ، بەڵکو لە سەرانسەری جیهان دا بە لە بەر چاو گرتنی ئەزموونەکانی پڕ لە بایەخی ئەم شۆرشە مەزنە بە چۆنیەتی و رێکخستنێکی نوێ سیبەری خۆی بە سەر دەسەڵاتی جیهانی سەرمایە داخستووە .

بە تەبلیغ وڕەواج دانی سوسیالیزم و کۆماری فیدراتیوی شوورایی کە لەویدا ئازادی و یەکسانی و هەروا مافی نەتەوەکان بۆ چارەی خۆ نووسین تاکو سەربەخۆیی تەواو بە رەسمی دەناسرێت ،ئاسۆی روونی رزگاری بۆ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش وە دەر دەکەوێت . سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بە رەسمی دەناسرێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکیان نیە .ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین ، بەڵام نە لە رێگای زۆر و ستەم ، بەڵکو لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.

کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان ، نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان پێك دێت ، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی تەواویان، بە رەسمی دەناسرێت .

گۆڤارەکانی (( کار کمونیستی )) ، (( جهان کمونیستی )) ، (( ڕێگای گەل )) و هەروا تازەترین ڕاگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی ڕێکخراو وەرگرن:

www.fedayi.org

ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571